# پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد وئومامەی کچی ئەبی عاس کە کچی زەینەبی کچی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشی بوو، ئەگەر ڕکوعی ببردایە دایدەنا (لەسەر زەوی)، وئەگەر لە سوجدە بردن (بەرز بووایەتەوە (دیسانەوە لە باوەشی دەگرت

لە ئەبی قەتادەی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد وئومامەی کچی ئەبی عاس کە کچی زەینەبی کچی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشی بوو، ئەگەر ڕکوعی ببردایە دایدەنا (لەسەر زەوی)، وئەگەر لە سوجدە بردن بەرز بووایەتەوە ((دیسانەوە لە باوەشی دەگرت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد وئومامەی کچی ئەبی عاس کە کچی زەینەبی کچی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشی بوو، ئەگەر ڕکوع یان سوجدەی ببردایە دایدەنا لەسەر زەوی، وئەگەر لە سوجدە بردن بەرز بووایەتەوە دیسانەوە لە باوەشی دەگرت، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاساییە مرۆڤ منداڵ لە باوەشی بێت لە کاتی نوێژدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10656

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee